

**به فرمێسکەکانم دڵخـــۆش دەبیت**

سابات

هات بووم تەفسیری خەونێکت بۆ بکەم .لەبەر دەمت چۆکم داو

پرسیاری دڵ تەنگی تۆم دەکرد ..تۆش بێ ئاگا لەو دەروونە جەنجالەی من

قا قا پێدەکەنی و یاریت بەیەک یەک  لە دەمارەکان و دڵـۆپە خـوێنەکانی ناخم دەکرد

هات بووم پێت بلێم من لە ئازەرەکانی تۆ دەترسم .لە خەویشا بەبینم ئازار دەخۆی

من لێرە هەموو بوونم بەروە وێران بوون دەچی ..بـرادەر گیان ..

ئەها جارێکی تریش پێت دەڵـێمەوە گیان ...من وام کە تۆ تێکم دەشکێنەت

من لێرە دادەنیشم بۆ هەر شکانێم  لێبوردنێکی گشتی دەردەکەم ئاخر قەت نەم ویســتوە

تۆ بە دەستی دڵــە چکۆلانەکەم ســزا بخۆی .پێچەوانەی تۆ کە  لە شکانم جێژ دەبینت

بە فرمێسکەکانم دڵخـــۆش دەبیت ...

تۆم بینی چەپکێک گوڵــەگەنمت بەدەستەوە بووو دواتر هەر هەموویانت ووشک کرد و گرت تێ بەردا...

ئاخر تۆ نازانی پیرۆزی گوڵـــەگەنم ؟؟ یان لە ناو چـــونێ گوڵـــەگەنم چەندە تاوانە ؟

ســـەیرم لێ دیت ئەمەشیانت نەزانی دەی تەنها بۆ یەکجار وەرە ســەیری ناو لەپی دەستم بکە

دەبینەت ســەدان هیلی تەریب نەبووی  تیایە .من دەزانم بە خـتی تۆش لەو هیلە تەریب نەبوانەی

سەر لەپی دەستم دەجی!.

هـــەولـێـر

ســــــــابـــات